ئەنفال وشۆڕەبی

شیعر

شاخی

ئەنفال وشۆڕەبی

شیعر
١٩٩٨
چاپی یەکەم

ئەنفال...

ئەنفال...

ئەوا هاتووم ..

وەکو(صۆفی) وەك(دێوانە).

کڕنۆشی ڕێز بەرم بۆخاك.

نەکەن من بەدین بزانن!!،

نەخەرقەم هەیە،نەسیواك.

من نامەویٚ باسی ئەفسانەتان بۆبکەم،

هەتابەرچاوتان لێڵ بێت و...

لەبیرتانچیٚ پیاوی ناپاك .

فەرموون لەگلێنەی خامەوە ،

لەئەلبوومی پەیامەوە .

لەسایتی گریانەوە .

لەکلاٚورۆژنەی ژانەوە .

بتان بەمە دنیای سووتماك.

(١)

تەماشاكەن ...!

لەولای(برایم سەمین)ەوە .

بەپاڵ چیای(حەمرین) ەوە:

ئەو ە ...! ئاوایی(نارێن) ە.

بەدەشتی كاكی بەكاكی گەرمیانەوە.

ئەوە ...! (خەنجەر)و(پشتێن)ە.

بەڕۆخی زێی(سیروان)ەوە.

هەتا دوێنێ ..

گەردی بەرپێ ی ئەسپی شۆڕش

سوورمەی چاوی كچانی بوو.

كەچی ئەمڕۆ..

ئەویش بووە بە(خەرابە)،

كوانووی پشكۆ .

وەك دەوروپشتی(خانەقین)،

وەك(تیلەكۆ).

وەكو(چراغ)،وەكو(شیرناو)،

وەك(گەرمك)...بۆتەژیلەمۆ .

(٢)

تەماشاکەن ....!

بەسەر(گردێکی سەوز) ەوە،

پێشمەرگەیەك..ئێستا،

پەیکەری هاواری(گۆپتەپە)یە.

ئەمە ..پۆ ستەری(خەزان) ە .

ئەمە ..!وێنەی(رەندی خان) ە.

ئا لێرە بوو ..!

بەرۆخی زێی(دوکان)ەوە.

بەبەرچاوی هەموفریشتەکانەوە.

سەدان چرای چاوخامۆش بوون.

سەدان باڵە پەپوولەی جوان هەڵپرۆکان....

چۆن پێنج هەزارئەستێرەی سوور.

لەئاسمانی(هەڵەبجە)وە،

داچۆڕان وبوون بەکۆی نوور.

ئاوا...پۆل پۆل رۆحی مەزن ،

شەمچەی بچووك...

هەڵکشان بەرەو کاکێشان ،

بەرەوهەسارەکەی(کەرکوك).

بۆ پایتەختەکەی(شارەزوور).

(٣)

ئەمە كویٚ یە ...؟!

ئەمە ..تابلۆی هەڵوەرین وداچۆڕانە.

ئەمە(قەلآی سەڵت ئەحمەد)ە،

(خاڵخالآن)ە.

ئەمە ..شیو (هەنجیرەزەرد)ە

ئیٚرە مەملەکەتی خەفەت ،

دوامەنزڵگەی دابڕانە .

تەماشاکەن ...!

تەپ وتۆزیٚك بەری هەتاوی گرتووە .

ئەوە ئەنجامی هەرەس وبورکان نیە.

ئەوە گڕ و تۆفان نیە.

شۆفەڵیٚکە..گوندیٚکی بەرکەڵبەداوە .

بەدامیٚنی ئەوگوندەوە،

چەند کەژاوەیەك وەستاوە .

کەژاوەی چی ..؟چەند ئیڤایەك ....

خەڵکیان تیا شەتەك دراوە.

ئەریٚ ..؟ئەمە تەکنەلۆژیاو پیٚشکەوتنە.

یا داره بازەی مردنە ؟
ئەرێ ئەمە مرۆڤـــــ دزە ؟؟
یاکاروانی کۆچێکی بێ سەروبنە؟
بەسەرپشتی ئەم گالیسکە نەگریسەوە،
(مامە ئەحۆل)ی(چوخلیجە)،
ڕدێنی تۆزاوی بووە،حەپەساوە.
(پورە زەوە)ی(گردخەبەر)ی
دەسپێچکەکەی،
پرچە سپی یەکەی خۆیەتی
لەزەند وباسکی پێچاوە.
بەهەزاران(مەم)و(زین)و
(خەجێ)واسیامەند)...
پێش ئەوەی بگەن بەمراز
ببنە بووك وببنە زاوا.
ڕاپێچ کران بۆ (قۆرەتوو)،
بۆ قەسابخانەی (تۆبزاوا)..
(٤)
ئەمە وێنەی پێدەشتێکە ،
تەلبەندێکە.
وەك دۆڵەدانی ئاش وایە ،
خەرەندێکە.

دیوارێکی تەلیسماوی،

نهێنی یە...

ئای...! چ داووکەمەندێکە.

گۆڕەپانی جیاکردنەوەودابڕانە.

پیران بەجیا،

منالٚ بەجیا،لاوان بەجیا....

ئێرە دەشتی کورد قڕانە.

تەماشاکەن !

ئەمە ..ئاوێنەی دوا ڕۆژی منالێکە.

تەمەنی پێنج شەش سالێکە.

وا جەلادێک دەستی راستەی ڕادەکێشیٚ ،

پێی لەسەر لێوی چالێکە.

دەستی چەپی لەنێودەستی دایکی دایە،

ئای دایکی چ کەژالێکە.

ئەریٚ . . ئەمە جۆلانەیە ،

یا کایەو یاری کردنە ؟؟

ئەریٚ .. ئەمە ڕاژەندنە ،

یادارکێشەکێی مردنە؟؟

لەنێوانی کەلٚبەی گورگ و

کزەی جەرگ و بەزەیی خوا،

منالەکە،بستی دەمی داپچڕاوە.

(٥)

چوار ڕیانێکە ،کارەساتە.

ئێرە ڕێی هات ونەهاتە.

لە چەقۆ وگوێزان تیژترە،

لە داوە موو باریکترە.

لە شەوە زەنگ تاریک ترە.

ئەمە وەک پردی سیراتە.

ئەگەر لێرەوە بڕوانی؟

ڕەزە زەیتونێک دەبینی،

سەدان نیگایماڵئاوایی

بەقەدیانەوە ڕواوە.

بەوبەرەوە....

گردۆلکەیەک لەنوێژەن دروستکراوە.

ورد ببنەوە...!جێی ڕامانە.

پارچە پەڕۆی دەرپێی ژن و

سوخمەی کچ و کەوای مەلا....

لەدارتەل ولە دڕکەزی و

لە کێلی قەبران ئالأوە.

من دڵنیام ئەم گردۆلکەو کەل وپەلە.

سێگۆشەی بەرمۆدانییە.

جێی تورەیی خودانییە.

یاتاقیگەی چەکی میکرۆبی وخەردەلە.

یا جێی کارێکی چەپەڵە.

یاخۆ گۆڕی بەکۆمەڵە....

(٦)

(نوگرەسەلمان)

گێژەنێکی مرۆڤلووشە،زیندانێکە ...

خۆی بۆخۆی مەرگستانێکە .

شازدە هەزارباڵی هەڵۆ..لێرە شکا .

لافاوێکە ،کاروانسەرای کاروانێکە.

بەهەزاران نزاوتکا .

بە ئاسمان وبن مێچیەوە هەڵپڕوکا.

ئای ئەمە چ ویژدانێکە ..

لوولەی تفەنگ و..نێوچاوان .

قوڕگی تاساوو پڕگریان .

ژووری تاریک و تێهەڵدان .

چ قیامەتێ هەڵساوە .

لە نێو هۆڵ و ...

بەردالأنی ئەم زیندانە.

لەولاوە ...تەرمێک راکشاوە.

لەم لاوە ...شێتێک گیان دەدا،

بەدەم گریان و نزاوە .

لەولاتریش ..

کت وکوێرێک دۆش داماوە .

لەبرسان دا،

ڕەگ وتۆوی فریزدەکوتیٚ..

تاوەک قاویت لووشی بکات لەپەناوە.

(٧)

گەرمەسێرە ...

دەشتێکە چۆڵ وبیابان ،

سەرابێکە ،هەڵقرچاوە .

تاچاوی مرۆڤــــــ بڕوانیٚ،

وشکایی یە،بەبیٚ ئاوە.

لەو ولآتی غوربەتەدا ،

هەردوودەستەلەرزۆکەکەی(مەلافاتیح)

ئەو دەستانەی بۆبانگ دەینانە بناگوێی،

ئەودەستانەی،کتێب وقورئانیان دەگرت

لەگەڵ لاشەی رەق وتەقی(مام تۆفیق)دا

بیٚ گۆڕوگۆڕیچکەو تەلقین...

قومیان بەسەردا کراوە.

کەپکەشاخ،تەپە و هەڵدێرە.

لمە،ئاودرە،تاوێرە،

نانی تاڵ وئاوی شوێره.

لەو شوێنه بێ حورمەتەدا .

سەگێکی ڕەش وەرکەوتووه،

چاوی ...لەدەرگای زیندانەو...

گوێ ی بۆگریان هەڵخستوو وه .

(قەره) فێره ... هەمووجارێ،

لەجیاتی نان وکولێره.

بەبەرچاوی(حەجاج)ی دەرگاوانەوه .

بەبەرچاوی جەلادوپاسەوانەوه.

دەستێ،لاقێ ،کەللەسەرێ...

مردوو بەکەرت وپارچەیی،

بێنێتەوه لەسەحراوه .

ئاخر ..بۆیه !!

دایکی(ئامانج)کەهاتەوەگێڕایەوه:

من و(رەعنا)هەموو شەوێ،

لەخەونیش دا،تەرمی یەکترمان دەبینی،

بەدەم سەگەبەرەڵاوه .

(٨)

هۆشارەکەم ..!

هۆ هۆ ڕۆگەی کوردستانم .

هۆ گوندەکەم ..!

هۆ هۆکۆگەی سەدان یادگاری ژیانم.

هەمووساڵێ، لەبەهاردا،

لەگەڵ گرمەگرمی هەورا،

گوێ لەناڵەی منیش بگرن !

من ..گیراوێکی ئەنفالم،

زۆردارەکان لەسامان وماڵیان کردم.

خوێنیان مژیم ،

پێیان لەسەرئابڕووم ...دانا.

لەژن ومناڵیان کردم .

لەو دەشتە چۆڵ وهۆڵە دا

تووشی مەرگی تاڵیان کردم .

پاشان زیندەچاڵیان کردم .

من گیراوێکی(ئەنفال)م

تیشکی چاوی عاشقێ بووم،

مەعشوقەکەم بەجێ ماوە.

من گوڵاڵەی بزورکاوی،

خەون وهیوای گیراوێك بووم .

نازانم دوای ون بوونی خۆم،

دڵدارەکەم ...

دایك وباوکە هەژارەکەم .

مردن بەدەم کام ڕێگاوە.

هاتوومەوە ،دڵنیابم ...

چییان لێ هات کۆشێ منالێ..خێزانەکەم .

کوان باپیرەو داپیرەکەم .؟؟

کواخزمم ، کوا جیرانەکەم .؟؟

کوا سەرکانیم ،کوامزگەوتم ؟؟

ئەدی کوا قوتابخانەکەم .؟

هاتوومەوە دڵنیام کەن

ئازیزانم لەکام جێگان؟

لەکام وڵاتدا ئاوارەن ؟

لەکام ماڵا خزمەتکارن؟

لەکام شارۆچکەو ئۆردووگان ..؟؟

****

هۆ خەڵکینە !

من نەوەی ئێسک وپرووسکی

ئەشکەوتەکەی(شانەدەری)م

من خەڵکی(چەرموو)ودێی(زەرزی)م

من ئەوگەلەم دوای هەزاران لەشکرکێشی ...

هەروا زیندووم .

وڵاتم ..کانی خێراتە ،

هێشتا خۆم خێرم پێ دەشێ..

لەزستاندا بێ ئاگرم.

پاشماوەم دەگا بەکەنداو..

وا خۆم لەتێنوان ..دەمرم .

ئاخر بۆیە..وەکو مەلی هەڵکورماوم .

وەك پەپوولەی باڵ سووتاوم.

کەی رەوایە هەمووڕۆژێ....

بەسەر دڕکەزی پیلان دا،رام دەکێشن.

سنوورم لێ دەبەزێنن،

کیمیاویم پێدا دەکێشن.

کەی رەوایەهەمووساڵێك وەك(برایم)...

لەئاگردا دەسووتێندرێم؟؟ .

وەکو (مەسیح)لەخاچ دەدرێم.

کەچی هێشتا هەرزیندووم و

هەر زیندووم و زیندوو ترم.

زوڵم وزۆرو چەوسانەوە ،

ئۆقرەو ئارامیان بڕیووم.

چی بکەم ئەگەرخەبات نەکەم ؟

چی بکەم ئەگەرهاوار نەکەم ؟

چی بکەم ئەگەر ڕانەپـــەڕم ؟

چی بکەم ئەگەر مان نەگرم ؟

هەولێر١٩٩٣

---

*ئەم شیعرە لە(هۆڵی میدیا)ی هەولێرولە (گۆپتەپە)و لە(کەرکوك) خوێندراوەتەوە



کۆمەڵەی رووناکبیری وکۆمەڵایەتی کەرکوك
بەشی روناکبیری
- ٤ -
شیوەنێك
بۆ ڕەندیخان
مەلاشاخی
شیعر
١٩٩/٥/٣

شیوەن

ڕۆژێ .... لە قەڵاسێوکە دا

لەگەڵ پیرێک کۆبوومەوە،

پرسیم چۆنی ؟

وتی:ڕۆڵە..!

من نازانم هەتا ئیستاچۆن ژیاوم،

بۆ نەمردووم .

چەندساڵێکە لەشکری خەفەتی ئەنفال

قەڵای پایتەختی ئەم دڵەی داگیرکردووم .

***

بەبیرم دێ ...

بەیانی زوو تەتەرەکەی ماسقەلان هات

وتی : پەیامم هێناوە..

بروسکە لە(دێدەوان)ەوە :

زووکەن ئەولاتان گیراوە..!

لە (سارا) وە .. :

لەپایینم سوپای کوللە مۆڵ دراوە ..

شێخێک لە (دارەکەلی) یەوە:

ڕێگای دەربەند داخراوە .

نامەی شاریش گەییە لامان :

رەشەبا ..وابەڕێگاوە .

گەردەلوولە..

ڤایرۆسی قڕان دەهێنێ .

هەر کەسێك دەمامکی نەبێ،

شەوەی خەردەل دەیخنکێنێ .

***

بەبیرتان دێ..؟

پاش نیوەڕۆ(اسەنگەر)ووتی:

تەنیا چارە بەرگری یە !!

(رێبوار) ووتی :

لە یەکێەتی گەل بەولاوە،

چارتان نی یە !!

بەبیرتان دێ..؟

لەسەر پلەی بەردەعەلی

شیعرم ووتی:

تا ئێوە ئاوا ناکۆك بن ،

دەسپێچکی ژنتان خەفەت و..

ریسی پیاوانتان خوری یە .

بەبیرتان دێ ، ئێوارە بوو ..

گردەکان لەبەر چاومان دا ،

لەجارانی نەوی تر بوون.

لوتکەکان کورتە باڵابوون ،

تیشکەکانی خۆرەتاویش،

وەك پرچەکەی دایکی شەهید(مەلائارس)

تێك ئاڵا بوون .

***

ئای ئەورۆژە چ رۆژێك و..

چ ویستگەیەکی سامناك بوو.

زیٚ کش ومات ...

شیوە سووریش هەر وەکو من ،

دڵگیروزیزو غەمناك بوو.

گۆپتەپە

زامەکانی خۆی دەکولاندەوە .

عەسکەر بۆن سۆی لیٚ هەڵدەستا..

زەردە پەڕ بوو .

ئاسمان کردی بە ناڵەناڵ،

گوێمان لەدەنگی کەڕەنا و

لەگرمەی دهۆڵی شەڕ بوو.

هاواریان کرد:

ئەنفال ..ئەنفال ...

ئیتر گویٚ ی ئەهریمەن کەڕبوو.

***

باری باری ...مەرگ باری .

بوو بەشەوی ئەنگوستە چاو

هەورازی هەناسەسواری .

دێوی تاوان زریکاندی ،

ئەنفالی هێنا بەدیاری .

***

باری ..باری .

تەرزە نەبوو ،بەردبوو باری .

گەواڵەیەک(سەرچنار)یشی گرتەوە،

بەسەدان لقە زەیتون و...

چەپکە نێرگزی تێکشکاند.

بەهەزاران ئاە ونزای ...

بەئاسمانەوە ..پڕووکاند..

***

لەو کاتە پڕئۆفانە دا.

ئا لەگەڵ ئەم تۆفانەدا.

سەدان رەزو باغ و بێستان .

بەسەدان چەم و دارستان ،

بەدەیان هۆزان وداستان.

لەگەڵ تەبارەی گەنم و...

خەلەو خەرمان ،هەمووسوتان.

هەر لەگەڵ ئەم زریانەدا ،

بەهەزاران کۆترە شینکە ..

لەهێلانەی خۆیان تاران .

فڕین ..فڕین ،

بەرەو چیای خاڵخاڵان فڕین .

بەرەو لووتکە بەرەو بنار.

هە تا دەربازبن لەئازار.

ئە نفالی چوار بووبەڕەشمار..

بووبەگورگ وئەژدیهای هار .

بووبەگێژەن ..

زۆربەی ئەوانیشی لوول دا

بەرەو چارەنووسی نادیار .

بەرەو گەرمەسێری بردن .

١٩٩٩/٥/١سلێمانی

---

* لەیادی کیمیابارانی(گۆپتەپە) دا لەرۆژی ١٩٩٩/٥/٣ لەلایەن شاعیرەوە خوێندرایەوە ، وەک نامیلکەیەک لەلایەن بەشی رووناکبیری(کۆمەڵەی رووناکبیری کەرکوک)ەوە دابەشکرا.

تیرۆر

ژنێک بەشەش منداڵەوە
لەپیاوەکەی دابڕابوو.
لەنێوگێژەنی ئەنفالدا...
ژان گرتبووی...،
لەدۆڵێکدا راکشابوو.
کەس خۆی بەخاوەنی ناکرد،
لەپڕخەمخۆرێک..پەیدابوو.
پێشمەرگەیەکی ئازابوو.
مامانێکی بۆپەیداکرد،
مامان فریشتە ئاسابوو.
لە دوای ئۆخەی..
زۆر نهێنی ئاشکرابوو.
ژنە گریا..
درکاندی.. هەرچی لەلابوو.
بەرلە دووڕۆژ،
هەرلەماڵەکەی ئەواندا
کلاشینکۆفێک کڕابوو.
بۆتیرۆری ئەم هەڤاڵە
پیلانی (تیرۆر) دانرابوو.

قاسمەرەش ١٩٩٠

شۆڕەبی

لەپاڵ گوندێکی وێرانە،
شۆڕەبی یەک وەک کچی شۆخ
پرچی بەشانەکردبێ.
وە ک بێریڤانێکی گراو
بەرەو ڕێ ی ڕان
بەلەکی خۆی هەڵگرد بێ.
لەلێواری گۆمێکی مەنگ،
شین وەک چاوی کچی قەشەنگ،
تاکۆ ئەژنۆی چەقاندبوو
شنەی شەماڵی ئێواران،
نەسیمی فێنکی بەیان
هێند باڵیان هەژاندبوو
وەکو ڕێبوارێکی تێنوو...
وەک جووتیاری گوند لێ ونبوو..

تا چاوی حەزی تەماشام

بڕی کردیٚ، ورد بوومەوە:

ئاوی (ئاسۆس) و (دوکان) م

خوێناوەکەی لای(دەشتێو) و(شارستێن) م

تاکو زەندی تەزاندبوو..

وەک پاوانە وبازنە ومۆرو

قەوزەی کەسکی ،

لەگەردن وقۆڵ وباسکی، ئاڵاندبوو .

چاوەکانم وەک سمۆرە

بەقەد باڵای دا هەڵگژاند

ئەوجا زانیم ئەو نەشمیلە ،

بۆ ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو؟

چونکە پارچەی (ناپاڵم) ێک

کاکۆڵەکەی سوتاند بوو

قەلاسێوکە ١٩٨٦

سێ وێنە

لەئەلبوومی شەهیدانی گۆپتەپەدا

سێ وێنەیان پێ نیشاندام..

لەسەربەرگی کتێبێکدا،

سێ شاهیدن،

هەرسێ (عومەری خاوەر) ن.

بەڵام ئەوەی لەناخەوە دەمسووتێنن

سێ پشکۆی ئاگری سوورن،

لەنێو سینەو دڵی مندا

وەک پۆلووی نێوا(سەماوەر) ن.

وێنەی یەکەم :

کەللەی سەری شەهیدێک بوو

لەهەرهەموو وێنەکانی تر جودابوو.

کاتێ کەلێی وردبوومەوە..

پڕ..پڕ لەنووری خودابوو.

خۆ ئەو زرکە کاڵێک نەبوو..!

لە سیمادا ئاشکرا بوو

مامۆستا بوو.

چەندساڵێک بەر لەشەهید بوون
لەمزگەوتەکەی (کڵێسە)
ماموّستا بوو.
خۆ ئەو ئینجانەی گڵ نەبوو
تەژی تەژی لەدلێری وئازایەتی .
لە خۆشەویستی هەژاران ،
لە عیلم ولە کوردایەتی.
ئەو خۆی (تفسیری قورئان) و
راڤـــەی کتێبی پیرۆز و
چیرۆکی پێغەمبەرانی
سوره تی (أنبيا) و (هود) بوو .
بەڵێ بەڵێ ناسیمەوە...
وێنەی کەللەی هاورێکەم بوو
کت ومت (مەلا محمود) بوو.

وێنەی دووەم :

پێشتر لە قوتابخانەی شۆڕشدا
چرایەک بوو داگیرسابوو.
لەدوای ئەنفال کش ومات و حەپەسابوو.
تەماشاکەن !
لەلێواری چاڵێکدایە .

جارێ ئارامی لێ دەبڕێ و

جارێکی تر مقەببایە.

چنگی پڕکردووە لە ئێسك و

لێوی خەریك شەنەبایە.

(چۆن جیا دەبنەوە ..خودایە..!؟)

دەروونی پڕ لە پشکۆیە.

- ئەمە وردە جمگەی پەنجەی کاکە (توانا) و

ئەمەیش پەراسووی (شکۆ) یە .

ئا ئەوانەیش کە وەك مێوژە رەشکە.. جوانن.

گلارای چاوی (ئایشە خان) ن

ئەوانی تریش گلێنەی دوو دییەی (تاڤگە)و

دەنکەمێرووی ملوانەکە شینە ی (تابان) ن.

وێنەی سێیەم :

منالێکی حەوت سالانە .

جێ راوگەی ئەو نە قەندیل و

نە ژیلوان و چەم رێزانە

(چەمە خڕکە) و (رەندیخان) ە

نێو رەزەکەی بەرمالانە .

ورد ببنەوە...

ئەم پێشمەرگە بچکۆلەیە ..!

(قارەمان)ە

چەندساڵ لەدوای شەهیدبوونیش

شوین کەمینی بەرنەداوە.

تا ئیستایش دارلاستیکەکەی

هەرپێیەو فرێی نەداوە

دەزانن بۆ ..؟! پێمان دەڵێ :

(هەرچی ئەنفالی لەبیرچێ ،

هەرکێ ریسمان بکات بەخوری،

خەڵکینە نەفرەتی لێ بکەن

بەخوا هەقی بەرد بارانە .

کلێسە ٢٠٠٩\٥\٢

* لەبیست ویەکەمین ساڵیادی ئەنفالی چواردا لەکۆبوونەوەیەکی جەماوەری فرەواندا لەسەر مۆنومێنتی شەهیدانی گوندی کلێسە خوێندرایەوە

داستانی ئاوارەیی

هێشتا جۆ گەلەی خوێنەکان

لە (قەندیل)ولە(فاو)ەوە . . .

دەرژانە. . .[illegible]

بەگوێی دنیایاندا[illegible]

گووتیان:ئێمە ئاشتی خو[illegible]ن

هێشتا شەپۆلی دەنگەکان،

دەزرنگانەوە لە ئاسمان.

سنووری ڕاستیان بەزاند .

هێشتارەنگی نووسینەوەی بەڵێنەکان،

وەک فرمێسکی دایکی شەهید،

تەڕبوون و دەدرەوشانەوە،

پەڕوباڵی کۆتری سپیان هەڵوەراند.

هێشتا بڵند گۆی درۆیان،

بانگەوازی ئاوەدانی ڕادەگەیاند.

داستانی ئاوارەیی

کونده پەپووی شومی شەڕیان،

لە سەرهەزاران کەلاوە،

وەك قەلە ڕەش دەیان قڕاند.

لە(گۆپتەپە)ی سەرقافڵەچی وێرانەیی،

لە(ڕەندیخان)

لە سای هەواری ماڵێکدا،

کۆرپەیەکی ژیکەڵەی جوان...

بۆ بینینی دنیای(ئاشتی)،

بۆبەختیاری،

دووچاوی شین،

دووگۆمی مەنگی شڵەقاند.

زۆربەنازو کوێرەوەری،

کەوتە ڕێگا بەرەو ژیان.

گوندی بەئاوایی نەدی،

یاری بەقەڵەمێ نەکرد،

مامۆستایێکی نەدواند.

گەردەلوولی چەکی کوشندەی(کیمیاوی)

لەگەڵ گەڵای دارەکاندا...

قەدو باڵای هەڵپرووکاند.

****

شەوێ تاکو نیوە شەوێ.

چاوی خەواڵوم نەچووە خەو .
بۆبەیانی...
پێش ئەوەی هەتاوبکەوێ .
تەتەر وەک بروسکە ئەهات
کێ ئازایە فریاکەوێ !
هەواڵ گەییە هەمووما لێ:
کەس نەسرەوێ .
کوللە زەردەی عەفلەقیەکان،
بۆسەرمەزاری ئەم میللەتە،
هێرش دێنن.
بەفەرمانی رەشەبا دێن،
تەڕو وشک دەسوتێنن.
کاتێ هەتاو
تیشکی زێڕینی دابەشکرد
داڵەکەرخۆری بێ ویژدان،
کەوتە ئاسمان .
بەسەر خەڵکی (قەڵاسێوکە) ی
قارەماندا.
تەزرەی مردنیان دابەراند.
***
هەرئەورۆژە...

لەبناری(کۆسرەت)ەوە،تا(دێدەوان).

لە(دەربەندی بازیان)ەوەتا(خاڵخاڵان).

لەجێ شەڕگەی (قازان)ەوە،

تا(چەم ڕەزان).

پەل ورەگی پیرەدارو،

قەدو باڵای نەونەمامیان

لەگەڵ جمگەو دەست و قاچدا،

لە زنجیری تانگ دەئاڵاند.

***

مۆڵەتم دەن تابپرسم:

ئەرێ زەوی گریانی دێ ؟

ئەوەنی یە وائەم خاکە

جەرگی دەسوتێ .

ئەوەنی یە وا (دوکان)یش

فرمێسکی دێ .

لەتاو خەمی سوتانی (دێ).

ئەوەنی یە...

زێد لە ساڵان

شۆڕاوەی هەور شۆربۆتەوە

بەرەو هەوارگەی هەژاران.

هەرچی بوار بوو نەماون،

بۆپەڕینەوەی شەتاوان.
ژێر توترڕكو پیرە دەوەن،
سەنگەرن بۆ لێقەوماوان.
***
ئەم وولآتە قارەمانە...
گشت خەڵکەکەی
وەکو خەڵکی شاری مردوو خۆرەکانە.
ئەم وولآتە.
پڕلەغەمو کارەساتە،
رۆژێك نی یە،
کەبەدەیان نەتوان و شەل...
دێوانە و شێت.
کۆرپەی ساواو گەنج و پیری،
بۆبیابان ڕاپێچ نەکرێت.
کەچی هێشتا لە ترۆپکو
ئەشکەوت و چەم.
لەهەڵەت و لێرەواردا.
دەنگی سرودی (نابەزین)،
بەرەو کاکەشانی فەلەك بەرزە وابێت
***
ئێوارە بوو...

بینیم کاروانێ کەوتەڕێ .

سەرقافڵەچی لەکۆتایی بێ ئاگابوو

نەیدەزانی بۆسبەینێ،

دەگەن بەکوێ.

ڕێگا... تاریك وباریك بوو.

هەورازو لێژ،

لەپێ دەشتتەوە بۆبنار.

لە لووتکەوە بەرەونسار.

بەستی(شەڵغە)و(شیوەسور)یش

وەك(قۆپی قەراغ)و(زەردە)

بۆهەزاران،خەڵکی ئاوەرەو ماڵ وێران

بوو بونە ماڵ و دەرەتان.

لەوێشەوە کۆچ وکۆچبار،

بەڕێ خران بۆ شاخ و شار.

قامیشەڵان و هەردە وچۆڵ .

کەندو لەندوئەشکەوت و دۆل.

بوون بە حەشارگەی کۆل بەکۆڵ.

بن بەرد نەما،

نەبێتە پەسێوو بنکۆڵ .

کە گوێم هەڵخست لە دایکێ ،

بەسۆزەوە کۆرپەکەی دەلاواندەوە.

بەردیشی دەتاواندەوە:

(رۆڵە لای لایە...

کۆرپەم لای لایە.

چەند هاوار دەکەم دەنگم دەرنایە .

کوردستان سووتا،کورد ئاوارە بوون

هیچ کەس بەهانای ئەم گەلەنایە).

***

لەماڵی شیعر بەولاوە داڵدەم نی یە

پەنا بۆشوێنی دی نابەم.

ئەگەر چیرۆك نووس بوومایە

ئەوەی لەم کاروانە بینیم

هەمووم دەکرد بەرۆمانی.

ئەگەر نیگارکێش بوومایە

تابلۆیەکی وام ساز دەکرد

لاێکی دنیام دەهەژاند

بەکارەساتی(هەڵەبجە)و(شێخ وەسان) ،

(زیوە)و(بادینان)...بزانێ.

***

رۆژە رەش بوو

خزم لە بڕبڕەی پشتی ترازابوو.

برا برای جێ هێڵابوو

کۆرپەی ساوا، بەدەم ڕێوە،

چاوی بۆژیان هەڵێنا بوو.

ژن لە مێردی،

خانەوادە کەس وکاری،

وەکو زستانی ڕابردووی

شاخی (ژیلوان)...

وەك سەرماکەی سەری(ئاسۆس).

هەرهەموو لێك دابڕا بوو...

باوکێکم دی سەرگەردان بوو

تەواو سەری لێ سوڕما بوو.

پڕ بەزاری بانگی دەکرد:

بۆکوێ کەسم بخەمە ڕێ ؟:

بۆسەر شۆستەی شەقامەکان،

یابۆ ئەشکەوت وشاخەکان ؟؟

بۆشوێنی سبەی نۆرەی دێ ،

یابۆبەرپێی قەنارەکان.

کۆرپەکانم...

بچنە زێدی باوباپیرم(بابە گوڕگوڕ)

نانا مەچن ...

میوانداری قەدەغەیە،

بەبێ پرسی بێگانەکان .

کۆرپەکانم ...

بچنەپاڵ قەڵای دێرینەی،

شاری(هەولێر) !

نانا مەڕۆن !

چونکە سێبەریٚ شك نابەن

مەگەر شەق و زللەبخۆن.

بۆکویٚ دەڕۆ ن ؟

وەرن وەرن ، تەماشاکەن ..

لە نیو دۆل و ...

لەپاڵ کەپکە شاخ و گابەرد

گەورە وبچوك

لە تاوان بوونە گرمۆڵە.

ئێوەش خۆتان بشارنەوە.

تادەرروویەك دەکرێتەوە،

ئەوجا چارتان دەکەین ڕۆڵە.

***

گەر هونەرمەند

دیمەنی دڵگیری دەویٚ.

بابیٚ لە گەڵ کاروانی شیعرم ڕیٚ کەویٚ.

لەزستانی ڕابردوودا،

لەشاخی پشتی(سەفرە)وە.

چۆن منالّی برسیو ماندوو،

بەبەر چاوی پێشمەرگەوە .

بەدەستی داک وبابی خۆی،بەبەرگەوە،

دەکرانە گۆڕی بەفرەوە.

لە قرچەی گەرمای هاویندا

دایکێکی میهرەبانم دی،

سک لەبەردەم.

دلْ پرلە غەم...

شەش مندالّی بەدواوە بوو،

گشت پیْ پەتی،

خۆشی بەتاکیْ سوّلّەوە.

گەنجێکی بەویژدانم دی.

بەهەورازدا هەلّدەگەڕا،

لە تەلان دەهاتە خواریْ .

پیرە باب و

توێشە بەرەی پڕلەنان و

چەکەکەیشی بەکوّلّەوە.

سەد خۆزیایە.

(یەلْماز گۆنای) بۆ بیستن و

بۆ بینینی، ئەم تاوانانە بمایە.

من دلْنیام دوا بەر هەمی ،

ده بووه ئاوێنەی ئەم ڕەوە.
تیشکی چاوی کامێرای دەستی هونەرمەند.
دڕی دەخستە ئەم شەوە.
تەماشاکەن...!
ئەم دیمەنە چەند حەزینە :
هەتا چاوبڕکا دوکەڵە.
هەرچی گوندی بەجێ ماوە،
وەك كاریلەی بەرگورگە لە.
خوێندنگا و مزگەوت و خانوو،
لە بەردەم کەڵبەی شۆفەڵە.
هەرچی ماڵێ نرخی هەبێ
تاڵانی دەکەن بەپەلە.
(نەیروون) ی چی؟
(هیتلەر) ی چی..؟
غازی(فۆسجین)و(تابوون)
لە گەڵ(خەردەل)دا تێکەڵە.

***

هەلاو...هەلاو...
لە(سەفین)و(کەژۆست) ەوە
لە(پانی سەر)و(مۆتە) ەوە.

بروسکە لە دوای بروسکە
هاتنە خوارێ .
بە(شوان)و(شێخ بزێنی) بڵێن:
بابکەن تەگبیری، کارێ.
(دەشتی کۆیە)و(قەلاَ سێوکە)،
ئاگادارکەن.
هەتا ڕێگا نەتەنراوە بکەن چارێ .
شەوێکی ڕەش ،
وەک ڕووی دوژمن.
تاریک تاریک .. وەک ویژدانی،
قارەمانی (ئەنفال) ەکان.
بوو بەقەلاَ بۆ مێر و ژن.
بەپاڵ ڕایەڵی دڕک دا...
لەنێوانی چەند مۆڵگەوە،
پۆل پۆل بێ چرپە تێپەڕبوین.
لەئارانەوە بۆ زۆزان.
یەکەم قۆناغ:
مەڵبەندی(سێ)ی
سەنگەری(ڕۆکێتی تۆڵە)ی ئازەیەتی.
جێ هەوارگەی میری سۆران...
مەیدانی مەردی و پیاوەتی.

جیٚ ی نزرگەی چەوساوەکان،

خۆشناوەتی .

خێڵی ئاوارە و پەرێشان،

لە پاش شەویٚ .

بەرەو هەورازی(دەرە شیر)

بەڕیٚ کەوت ، تاسەرکەویٚ .

دووەم قۆناغ:

سەرچاوەکەی(مەلەکان)بوو

بارگە داگیراوە لەویٚ .

ماندوو برسی بەڕێزەوە.

هەموو بینمان نا بەزاری کارێزەوە.

پیرەمێردێک قنج و کارزان...

فێری کردین

چۆن گیرفانی تێڕکە پڕکەین

لە منالی ژیکەڵەو جوان.

شارەزایێک، چاو ساغ مان بوو

شۆربووینەوە،

لە (کوڕکوڕ) ەوە بۆ (گولان).

بۆ ئێوارە قۆناغی سیٚ یەممان بڕی

(دارەبەن)ە چاوەڕوان بوو.

(دۆڵەڕەقە)پاش نیوەشەو،

مێوانخانەی کۆچەریان بوو.

ڕۆژی دووەم، سێیەم،چوارە م،

لە هەڵ کردنەوەی کلاّفەی ئەو ڕێڕەوە،

چەند تازە سوار، لە ڕێ گلان.

چوار وەرزەی ساڵ هاتنە ڕێمان

(بەهار، هاوین، پایز، زستان).

سوارو پیادە، کەس نەبەزی.

تاسنوری(قەندیل) بەزی.

لە(شێخ ئایش)

لەنێوانی ڕووباروشاخ،

هاواریان کرد:

ڕێبوار وریابە نەخزی.

پاش چەند قۆناغ،

لە دیوو نسێ ،

کۆچ لە خێوەتگا دابەزی.

دواهەواری پشودانە.

دەوار هەڵدەن کەس نەوەستێ .

باکاروانی ئاوارەیی،

لەم سێبەری گۆرستانە،

چەق ببەستێ .

***

دەخەڵكینە هەموو یەك دەنگ،
نەفرەت بكەن لە خۆفرۆشان...
لە (مشیر) ی لای (دەربەند) و
(مەلای خەتێ).
تف كەنە چارە ی ئەوكەسەی،
بڕوای بەخەندەی دوژمن دێ .
ژیرو دڵسۆزو خۆراگر..
بەفیشاڵی،ڕژێمی پەت و سێ دارە ،
ناخڵەتێ .

دێلزی ١٩٨٨

دێدەوان

پێشکەشە) :بەتێکۆشەری دێرین(مام کەریم زەردکی)

شوێن..

قەمیشەلانێکی چڕبوو

خانوو.. نێوچەم وئاودڕبوو.

لەپاش سووتماکی سەدان دێ،

ئەنفالی سێ چلەی چووبوو.

کەچی هێشتا بەدووبینایی کزەوە،

وەك جارانی بەپشوو بوو.

لەدوای دەیان هێرشی چڕ،

چاوشارکێ لەگەڵ کت وپڕ.

ورەی گەلێ بڵند تربوو.

ئەورۆژەیش وەك رۆژانی دی،

لەبن کەوڵێ،لەنێوتەنگێ.

خۆی حەشاردا تا درەنگێ.

ئێوارانێ بەتەپەتەپ گەیشتەجێ

وتی: هاتووم بمخەنەڕێ.

منیش با بچمە سەفەرێ.

دەڕۆم هەتا دڵنیا بم ،

هاوڕێ ی ژیانم ..کەوتۆتە کوێ.

خۆر لەزەردە،ڕێگای هات ونەهاتی گرت،

لەگەڵ کاروانی پێشمەرگە.

هەر ئەوشەوە،لەسەرپردی حاجی وسوو.

دێدەوان یش چاوی لێ بوو.

کەوتنە نێو داوی بۆسەوە ،

چوار کەناریان بوو بەئاگر

ئەوانیش هەر بەگڕی سوور ،

تەیمانی دوژمنیان بەزان ..

بەسەر مردندا بازیاندا .

هیچیان بەتەپکە نەگیران .

ئاسۆگەیێ دووئاسۆگە ،لێک دابڕان .

پاش دەیان جار هەڵدێران وهەڵسانەوە.

ماندووبوون و حەسانەوە.

ئەوشەوە هەتا سبەینێ،

لەبێشەیەکدا دەمینێ.

کەرۆژ هەڵدێ..

بەگاڵەی دووژمن دەزانێ،

هەموو لوتکەکان گیراون

بەناچاری دەچێتەنێو کەندەلانێ.

لەولایشەوە ..هیچ کەس هەواڵی نازانێ.
رۆژدێ و دەچێ.
وردە وردە لێوی چەمیش
وەك لێوی ئەو هەڵدەقرچێ
پاش (٢١) شەوجودایی.
دابڕان و بەتەنیایی .
دوای پرسەو سەرخۆشی دۆستان.
دوژمن رۆیی و مل خۆی شكان .
ئەم هەڤاڵیش دێتە دەرێ لەنێوچاڵێ.
تا بەدەست بێنێ هەواڵێ .
لەولایشەوە دووریبواری برسی وتینوو،
دەچن بۆ نان ،دەچن بۆ ئاو.
دەدزنەوە ..(مامە)ی كەم بیناوپەشۆكاو.
كەدەپرسن ..لەو ماوەیە،چۆن ژیابوو،
بۆ نەمردبوو؟
جا دەزانن ..لەجیاتی هەموو خۆراكێ،
لەپەكوتێ..گیای خواردبوو..
كەهاتەوە.. وەك برێشكەی بەرئاگربوو.
بەڵام ..لەبیروبڕوادا وەكو جاران خۆڕاگربوو.
دەشتی هەولێر ١٩٨٨

داستان

گەرشاعیرێک

خۆی بینیبێ ،

لەبەرشوڕاوگەی ئاگردا .

گەرشاعیرێک.

خەڵکی مشەختی دوونسکۆی دوواندبێ،

لەسەربەفرو .. ژێرچادردا.

گەرشاعیرێک

هەگبەی غەمی ولاتێکی

دابێ بەسەرنەڕی شاندا.

بەشاخاندا داچوڕابێ،

هەڵـگەڕابێ بەهەورازی تێکۆشاندا.

بڕوا مەکەن نەلێرانەو...،

نە لەخاکی گوێزان وخوێن.

لەهیچ شوێنێ

بۆ شیعرێکی ..دابمێنێ،

نەزانێ چی بکا بەهەوێن.

شەوگارێکی زۆرتاریکە

هەوری تاوان کوردستانی داپۆشیوە.

ڕۆژگارێکی گرژو مۆنە

هەش بۆتەخەنەی نۆبووك و

دەڵێ ی خمخانەباریوە .

لەڕۆژگارێکی ئاوادا....

هێندئازارمان پێ گەییوە.

گەرچاوێ..

سۆمای نەڕژابێ ئێمەی دیوە.

گەر گوێچکەیێ کەڕنەبووبێ

هاوارمان پەردەی سمیوە.

لەقوناغێکی ئاوادا،پر سیار دەکەم :

لەو هەمووتاوانەدەکرێن دڗگەلەکەم.

کامیان بکەم بەهەوێنێ

بۆئەم شیعرەم :

کارەساتی(ئەنفال)ەکان

یاشەهیدبوونی(هەڵەبجە)م ؟؟.

نانە ژەهراویەکەی(ماردین)،

یا دوا سەرنج بۆ گوندەکەم ؟؟.

فرمێسکی چاوی ئاوارەی(نوگرە سەلمان)

یاهاواری ژێرئەشکەنجەی سەدەی بیستەم ؟؟.

خۆڵەکەوی زەوی سوتماك ،

یا دوانووزەی پیری کەنەفتی ژیان ئەستەم.

دوا دڵۆپی خوێنی(مامۆستای ئاشتیخواز)*

یا دوابینینی کیژەکەم .؟؟

نرکەی سروودی پێشمەرگەی ژووری زیندان

یا دوا نیگای هاوسەرەکەی،

بەبڕیاری(یاسای دارستان)ی سەردەم.

کردیان بە خۆراکی سەگ و

لەمەنجەڵدا، کردیان بەتەم ..

بناری قەندیل ۱۹۸۸

---

* مەبەست شەهید (قاسملو) ە

* * لەژمارە(۲)ی گۆڤاری(بانگ)دابلاۆکراوەتەوە

رەشـــەبا *

هەرتۆمابووی ئەی رەشەبا...؟!

چیت دەویٚ لیٚم...؟

هەر دەواریٚکی شڕ شکێ دەبەم.

ئەویش خیٚرەو مەند،داویەپیٚم.

لەسایەی دا هەڵدەلەرزیٚم.

بە پاڵە پەستۆ تیا دەژیٚم.

گڤە گڤ چیتە لە بن گویٚم.

بۆ وادەکەی ؟.

گەرەکتە لیٚمان بفڕیٚنی .

یا ....کۆڵگەکەی بشکیٚنی.؟؟

ویژدانت بیٚ، ماران گەستم.

تۆ نازانی ، کەچەند پەستم.

لەشویٚنی باو باپیرانم..

رایان گواستم .

وەرە گویٚ بگرە لەمیٚژووم ،
لە هەڵبەستم :
لەشارو گوندی خۆماندا،
دەژیاین ...ژیانی ئازادی.
هەتاکو بڵی ٚی بیٚ وەی بووین
بەلاٚم دوژمن ڕەوای نادی.
بەناچاری ئاوارە بووین ،
لەترسی چەقۆی جەللادی.
چەند هەواریٚکمان ئاواکرد،
ئۆردووی داگیرکەر سوتاندی.
ژیٚرشاخ وکەندمان هەڵدڕی،
(شۆفەل)ی هیٚناو تەپاندی.
پەنام بردە بەرمزگەوتیٚ ،
بەرشەپۆلی لافاو کەوت ....،.
لەبنچینەوە روخاندی.
هانامان بردە بەرچەمیٚ،
چاوی بەد ...رەوای نەبینی
فرۆکە.... ئاگری هیٚنا
هیٚشو هیٚشو

وەک ڕێژنەی باران باراندی.

سنووری سەر دڵمان بڕی

لەم هەوارە گیرساینەوە .

تەواوی نەحەساوینەوە.

تۆش ..لێرە لێمان ناگەڕێ ی،

بۆ کوێ بڕۆین ؟؟؟

چیت دەوێ لە ئێمەی غەریب ،

چیت دەوێ لەئێمەی ماندی؟؟

دێڵزێ ١٩٨٨

---

*لەدوای ئەنفالەکان کاتێ بەخاووخێزانەوە ئاوارە ی (ئێران) بووین لەیەکەم رۆژی پایز دا(ڕەشەبا) هەڵی کرد ،خیوە تەکەی بەسەردا ڕوخاندین ئەم شیعرەم بەو بۆنەیەوە نووسی .

ڕاگواستن

لەنێو جەرگەی تەپوتۆز ودوکەڵەوە.

لەنیشتمانی سووتماکی

بەردەم چەقۆی شۆفەڵەوە.

بروسکەیەک بەڕێ کرا،

بۆبارەگای زل هێزەکان :

ئەی ئەوانەی مافی مرۆڤ دەپارێزن.

گەر ئێوە ڕاستی دەبیستن،

ئەگەر بەتوانا وبەهێزن؟.

بۆچی لەسەرکوردی هەژار ...

نایەنە دەنگ ؟

بە(کیمیاوی)دەمانکوژن،

نیشتمانمان داگیر دەکەن.

بۆ بیابان و گەرمە سێر،

بەکۆمەڵ رامان دەگوێزن.

خۆشناوەتی ١٩٨٨

نووسەر لە چەند دێڕێکدا:

* ابوبكر محمد حاجى ناسراو بة (مةلا شاخى)
* سالَى بوون: ١٩٥٣دىَ ى بيرةسثان/ ثردىَ/كةركوك
* بةشدارى (شؤرِشى ئةيلول)ى كردوة.
* لة (١٩٧٥) ةوة كادروثيَشمةرطةى (ى.ن.ك) بووة.
* ئةندامى يةكةمين ثةرلةمانى كوردستان بووة.
* ئةندامى (يةكيَتى نووسةرانى كورد) ة.
* ئةندامى دةستةى دامةزريَنةرو ليَثرسراوى بةشى ئةدةبى (كؤرِى رؤشنبيرى لاوانى كورد) بووة لةشارى (نةغةدة).
* ئةندامى دةستةى نووسةرانى طؤظارى (كرمانج) بووة.
* لة دامةزريَنةرانى بنكةى (شةهيد ريَباز)و بةريَوةبةرى نوسينى طؤظارى (شةهيد) ة.
* يةكةم سةرنووسةرى طؤظارى (كةركوك) بووة .
* سكرتيَرى رؤشنبيرى(كؤمةلَةى روناكبيرى وكؤمةلاَيةتى كةركوك) بووة
* ئةندامى (سةنديكاى رؤذنامةنووسانى كوردستان) ة
* ئةندامى (يةكيَتى زانايانى ئاينى كوردستان) ة
* نو يَنةرى (هةظالَ مام جةلال) ة لةكةركوك
* خةلاَتى ريَزوثيَزانينى (مام جةلال)ى بؤنووسةرانى شاخ ثىَ دراوة.
* مةداليا و برِوانامةى ريَزليَنانى ثيَشمةرطة ديَرينةكانى وةرطرتووة.
* ئةندامى يةكيَتى ثةرلةمانتارنى كوردستانة.

له بەرهەمە بڵاوكراوەكانی نووسەر

١- داستانی ئاوارە یی	(شعر)	نەورۆزی	١٩٨٩
٢- هۆرەی چیا	(شیعر)	شوباتی	١٩٩١
٣- سوتەن	(دەربارەی مافی مرۆڤـــ)		١٩٩٢
٤- ئەنفال و شۆڕەبی	(شیعر)		١٩٩٨